**بەشار ئەسەد...سەرۆککۆمار و بازرگانی مادەی هۆشبەر**

تۆماس زایبەرت و. لە ئەڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی

مادەی هۆشبەر لەوڵاتی سووریاوە کە خاوەنی شەڕی ناوخۆیە، ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە... ئەمە بیروڕای دەوڵەتانی دراوس سووریایە و ئیدارەی ئەمەریکیش هەمان بۆچوونیان هەست...

مادەی Captagon لە سەرەتای ساڵانی1960 دا لە ئەڵمانیا بەرهەمهێندراوە و ڕێگەی پێ دراوە، لێ دوای 20 ساڵ ڕێگری لەبەکارهێنانی کراو قەدەغە کرا ...ئەم مادەیە وزەت پێ دەبەخشێ ماندوو نەبیت و هەست بە ئازار نەکەیت.. بەڵام دوایی ئالوودەی دەبیت و دەبێتە مایەی خەمۆکی و نەخۆشی جەڵدەی دڵ...

ئەم حەپە لەشەڕی ناوخۆی سووریادا بەکارهێنراوە و چەکدارانی داعشی ڕادیکالیش بەکاریان هێناوە.. پێش دووساڵ بەسەر داعش دا سەرکەوتن کەچی ئەم حەپی Captagon تا بێت زیاد دەکات ...

سووریا وڵاتی بەرهەمهێن و هەنارەی ئەم حەپەیە .سەرەتای ئەم ساڵ هێزەکانی سعودیە لە بەندەری جدە دەستیان گرت بەسەر زیاتر لە 5 ملیۆن حەپی ناوبراودا کە لە هەناردا حەشاریان دابوو. بارەکە لە لوبنانەوە هاتبوو، بەڵام هەنارەکە هی سووریا بوو .دیسان لە مانگی نۆڤەمبەردا سعودیە دەستی بەسەر 2,3 حەپی تردا گرت کە لە سوریاوە هەنارده کرا بوو.

سعودیە باشترین بازاڕی ساخکردنەوەی ئەم حەپەیە و ئەسەد و بنەماڵەکەی قازانجێکی زۆر دەکەن. دوای ئاشکرا بوونی ئەم کارەی سووریا سعوودیە بڕیاری ڕاگرتنی داز هەموو هاوردەیەکی بەروبوومی کشتوکاڵی دا. بەڵام گەورە قاچاخچییەکانی سووری ڕێگاکەیان گۆڕیوە و ئێستا لە ئوردونەوە ڕەوانەی دەکەن.

نەک هەرئەوە بەڵکو حەپ و مادەی هۆشبەر گەیشتوتە ئەڵمانیاش ... لە مانگی مای دا لە بایەری خواروو لە حەوشێکدا 230 کیلۆگرام کاپتاگۆن دەستی بەسەردا گیرا، کە بۆ کەسێکی سووری تەمەن 35 ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە نێردرا بوو .وا بڕیار بووە ناوبراو ئەم برە ڕەوانەی سعودیە بکات. لە وڵاتانی تری ئەورووپاش کاپتاگۆنی سووریایی هاتووە دەستی بەسەردا گیراوە: ساڵی ڕابووردوو ئیتالیا دەستی بەسەر زیاتر لە 80 ملیون حەپی ناوبراودا گرت. یۆنان پێش دوو ساڵ بایی40 ملیۆنی گرت. بەپێی زانیاری حکومەتی ئەمەریکایی لە مانگی فابرەوەری لە ڕێگاوبانەکانی دنیادا بایی 2,3 ملیارد دەستی بەسەردا گیراوە کە لەلوبنان وسووریا.

بازرگانی ئەم مادە هۆشبەرە بەو قەبارە گەورە و زۆرە بێ ئاگاداری و کاریگەرێتی حکومەتی سووری مەحاڵە دەڵێ ئێستا هێزێکی سەربازی لەژێر فەرمانده‌ی ماهیر ئەسەدی برای بەشارداNew York Times هێزی هەڵسوڕێنەر ی دروستکردنی کاپتاگۆنە. هێزەکەی ماهیر ئەسەد تیپی تانکی 4 ە کە چاودێری کارخانەی ناوبراو دەکات و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە ڕێک دەخات.

کاتێ کە کەسانی پایەبڵندی دەوڵەتێک لە کارێکی واوە تێوە گلابن، هیچ سوودێکی نیە داوا لەدەوڵەتێکی وا بکرێ، ڕێگری لەم ارە بکات. هەروەک نوێنەری پێشووی ئەمەریکی بۆ کاروباری سووریا Joel Raybburn بە نیۆرک تایمزی وتووە.لەسووریا کێشەکە ئەوە نییە مادەی هۆشبەر لەدەرەوەی کۆنترۆڵی دەولەی بەرهەم دێ، بەڵکو خودی ڕژێم هەناردەی ئەو مادەیە دەکات.

هەروەها کەسانی بازرگان کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد هەیە و دۆستە دەرەکییەکانیش وەک چەکدارانی حیزبواللە لە لوبنان هاوکاری ئەم کارەن، بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ناوبراو. تەنیا لە سەرەتای ساڵەوە250 ملیۆن حەپ دەستی بەسەردا گیراوە و چەندیشی لێ فرۆشراوە کەس نازانێ.!؟

ڕۆژنامەی ناوبراو درێژە بە باسەکە دەدات و دەڵێ: ئێستا سوریا مادەی هۆشبەری تر وەک Crystal-Meth و شتی تریش.

هەروەها ئەم بازرگانییە، پلانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەسەدی تێکداوە .دوای 10 ساڵ جەنگی ناوخۆ وڵاتیکی گرنگی وەک ئیمارات دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا ئاسایی بکاتەوە.. چەند کەسایەتی تری عەرەبی سەردانی سوریان کردووە و زانکۆی عەرەبیش کە لە ساڵی 2011وە ئەندامێتی سوریای هەڵپەساردووە ، ئێستا دەرگا واڵایە بۆ سووریا..

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان سەختن. بۆیە ئەسەد ئاگاداری بەرێوبەرانی ئەم کارەی کردووە ئەم بازرگانییە کەم کەنەوە، بەتایبەتی لە پێناوی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سعودییەدا...هاوکات سعودییەی ئاگادار کردوە کەوا ڕێگری کردووە لە ناردنی نزیکەی نیوتەن حەبی کاپتاگۆن بۆ سعودیە..

https://www.tagesspiegel.de/politik/syriens-machthaber-baschar-al-assad-wenn-der-praesident-mit-drogen-dealen-laesst/27870844.html

سەرچاوە: ڕۆژنامەی تاگەسشپیگل ٢٠٢١/١٢/٨




TAGESSPIEGEL

# **Syriens Machthaber Baschar al Assad** Wenn der Präsident mit Drogen dealen lässt

von Thomas Seibert




Syriens Machthaber Baschar al Assad profitiert vom Geschäft mit Rauschgift. Nun aber wird der Handel für ihn zum Problem.